سەید حەکیم گرنگی دیدی قۆناغەکە و ستراتیژیەت دووپات دەکاتەو□ ب□ □ چارەسەری ڕکا بەرییەکانی لاوان ڕوو بەڕووی دەبنەوە



بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم، سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت ل□ نووسینگەی خۆی پێشوازی لە بەڕیز سەفا کینانی وەزیری وەرزش و لاوان کرد و سەرەتا پیرۆزبایی وەرگرتنی ئەنجومەنی وەزیرانی لێکرد و داوای کرد بایەخی زۆر بە دۆسێی لاوان و وەرزش لە وەزارەتەکە بدات و بەرنامەی تایبەت بۆ پێشخستنی لاوان ئامادەبکات کە بەپێی خواستەکانی ئەوان بێت.

بەڕێزیان جەختی لە گرنگی تێکەڵبوون لەگەڵ دامەزراوە وەرزشییەکانی دیکە، وەک لیژنەی ئۆڵۆمپی و فیدراسیۆنە وەرزشییەکان کردەوە، هەروەها جەختی لەسەر پێویستی گرنگیدان بە وەرزشی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەک کردەوە کە لەگەڵ بەها ئاینییەکان و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان بگونجێت...
لەکۆتا یشدا سەماحەتی ڕوونیکردەوە کە گرنگە ڕوو بەڕووی ئەو ڕکا بەریيانە ببینەوە کە تووشی لاوان دەبێت و بەپێی دید و بەرنامەی باش چارەسەری بکەین.